www.kurdistannet.org
15-2-2006 10:35بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بسم اللـه الرحمن الرحيم
(إلا تنصروه الله فقد نصره الله )

## یاداشتنامەیەک لە جەماوەری خۆنیشاندەری شاری هەولێرەوە

بەڕێز: ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق
ئێمەی جەماوەری خۆنیشاندەری شاری هەولێر کە لێرە کۆ بووینەتەوە ئەو سوکایەتی یەی لێرەو لەوی بەتایبەت بڵاوکردنەوەی وێنە کاریکاتێریەکانی رۆژنامە دانیمارکی و نەرویجی و ئەوانی تر دەرهەق بە پێغەمبەری خۆشەویستمان محمد (صلی اللـه علیه و سلم) دەکری بە توندی ریسواو مەحکوم دەکەین و داواکارین چیتر سوکایەتی بە پیرۆزییە ئاینیەکانمان نەکرێت و رێز لە هەست و سۆزو بیروباوەڕمان بگیرێت و بیانوی ئازادی رۆژنامەگەری نەکرێتە پاساو بۆ دەستدرێژی کردنە سەر ئایینی ئیسلام.

ئێمە لە کاتێکدا باوەڕمان بە ئازادی بیروراو ئازادی رۆژنامەگەری دوپات دەکەینەوە، راشدەگەیەنین کە ئەو جۆرە هەڵس و کەوتانە خزمەت بە رەوشی مرۆڤایەتی و بە یەکەوە ژیان و حیوار و گفتو گۆی شارستانیەکان ناگەیەنێت و خزمەتی سەقامگیری و پرۆسەی چاکسازی لە ناوچەکەمان ناکات.
گەلی کوردستان وەك بەشێك لە ئوممەتی پێغەمبەر (صلی اللـه علیه و سلم) دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی مسوڵمانانی جیهان و هۆشمەندان و بیریارانی جیهان کە نەتەوە یەکگرتووەکان یاسایەکی نێو دەوڵەتی دەربکات بۆ پاراستن و رێزگرتنی ئایینەکان و رێگە نەدان بە هیچ کەس و لایەن و دەزگایەك پێشێلی و بێحورمەتی بنوێنن و لەو سۆنگەیەوەش داوا لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان دەکەین کەلە دەستوری هەرێمی کوردستان دا بە رۆشنی پیرۆزیەکانی ئیسلام و ئایینەکان پارێزراوبن و هەروەها یاسای پێویست لەو بارەیەوە دەربکات.
لە کۆتاییدا رێزو حورمەت و گەورەیی بۆ پێغەمبەری ئازیز **(صلى الله عليه و سلم)** دووپات دەکەینەوە.

[و لله العزة ولرسوله وللمؤمنين ولكن المنافقين لا يعلمون]

جەماوەری خۆنیشاندەری شاری هەولێر
٢٠٠٦\٢\١٤